# وشەگەلی پڕمەترسی وەک چەک

## لێکدانەوە

رۆژنامەی زوددۆیچە تسایتونگ 5.10.12 (online)


## کریستیانە شلۆتسەر

رەحیم بەهرامزادە لە ئاڵمانییە کردوویە بە کوردی


تورکیا بەرەو ڕێگایەک دەچێ، کە ئاوری لێدەبارێ: وڵاتەکە خەریکە بە ووشە پاساوی شەڕ دەکا و گەرمکییە شەڕی ناوخۆی سوریا بکاتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی. لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکە دژی ئەو شەڕەیە. بەڵام تورکیا سیاسەتی ناڕوونە و ئەوەش دەبێتە هۆی پتر ئاڵۆزبوونی هەل و مەرج.

وشەی وا هەیە بەڕادەی چەک مەترسیهێنەرن. تورکیا بێدەنگ نابێ "ئەوەی دەشیکەن شیاوی نەریتی هەزار ساڵەمانە"، ئەوە وتەکانی „ئێگمەن باگیس“ وەزیری بەرپرسی پێوەندی نێوان یەکیەتی ئوروپا و تورکیایە. قسەی وەها گەورە چاوەڕوانی بەدی دێنێت. تایبەتمەندیی چاوەڕوانیش ئەوەیە کە دەبێ جێبەجێ بکرێت.

تورکیا بەرەو ئەوە دەچێ بەرێگایەکی زۆر مەترسیداردا بڕوا. ئەو خەریکە بە قسە رێگا بۆ شەڕ خۆش بکا. بە پێی بڕیاری پەسەندکراوی پارلمان رێگا بۆ ئەوە هەیە بچێتە ناو خاکی سوریاوە و بەم کارەش تورکیای ئەندامی ناتۆ کێشەی سوریا دەکاتە شەڕێکی نێونەتەوەیی.

سیاسەتی تورکیا لە هەنبەر سوریا زۆر ناڕوونە. هەڵس و کەوتی ئەم دواییانەشی هیچمان بۆ روون ناکاتەوە. زۆربەی ڕاپرسییەکان دەیسەلمێنن کە زۆرینەی خەڵکی تورکیا دژی شەڕ لەگەڵ سوریای دراوسێن. سوریایەک، کە ماوەیەکی درێژ هاوپەیمان و شەریکێکی گەورەی بازرگانی بوو.

سنوری دوو وڵات 900 کیلۆمیترە. تورکیا سنووری ئەوەندە بەرینی لەگەڵ هیچ وڵاتێکی دیکە نییە. دانیشتووانی هەر دوو بەری سنور سەرەڕای بوونی ئەو پەرژینەی ئەوان لێک جیا دەکاتەوە، پێوەندی خزمایەتتیان هەیە. لە بازێڕی „ئاقچەقالە“ی تورکیاش کە بە هۆی ئەو ئاگرەی لەو بەرەوە هات پینج لە دانیشتوانی مردن، خەندەکی سنور ماڵباتەکانی لێکدابڕیوە. ئەوەی ئەو شارەی بەر گوللـە دا هەر کەس بووبێ، خاڵی لاوازی تورکیای ئەنگاوت.

### ئەگەر تورکیا  شەڕ دەست پێبکات، کەس چەپڵەی بۆ لێنادا

ئەگەر تورکیا رێگای شەڕ هەڵبژێرێ، ئەوە تەنانەت وەفادارترین لایەنگرانیشی لە نێو خەڵکدا چەپڵەی بۆ لێنادەن. شەڕکردن بۆ حکومەتی تورکیا ریسکێکە بە ئاکامی سیاسی زۆر نادیارەوە.

تورەیی و بێزاری لە شەڕ، بەر لە هەموو کەس بەرۆکی ئەو000 120پەنابەرە سورییانە دەگرێ، کە پەنایان بۆ تورکیای دراوسێ هاوردووە. سێ لە چواری ئەو پەنابەرانە لەو خێوەتانەدا دەژین، کە لە ئاقچەقالە هەڵدراون.

هەر لەوێشەوە 19ی سێپتەمبر نەیارانی ئەسەد پۆستێکی پارێزگاری سنووری ئەسەدیان داگیر کرد. لەو کاتەوە سوریا سنوری بەستووە. لەو دەمەوە خاکی تورکیا بەر تۆپ دراوە. دوایین جار ئەم تۆپبارانە ئاکامی مەرگباری هەبوو. ئەگەر بە زمانێکی بێ ئەدەبانە بدوێین، ئەو پێنج کەسە قوربانی گشتی شەڕی ناوخۆی سوریان و ئەوەش نابێ ببێتە بەڵگەیەک بۆ شەڕ.

بۆیەش دەبێ پرسیارمان ئەوە بێ ئەگەر تورکیا شەڕ دەست پێبکا بە قازانجی کێیە؟ دیکتاتۆری دیمشق، کە شەڕی مان و نەمان دەکا لەوە ناچێ خۆی تووشی شەڕ لەگەڵ دراوسێی تەیار و پڕچەک بکا، بە تایبەت، کە ئەو نازانێ کاردانەوەی ئەمریکا و ناتۆ چی دەبێ. ئەسەد بە خەنجەر زەبر دەوەشێنی و کارتی پ. ک. ک بەکاردێنێت. ئەوەش بۆ تورکیا وەک چقڵ وایە.

**کەس نازانی تورکیا خەریکی چییە**

بەڵام وادیارە نەیارانی ئەسەد رۆژ لەگەڵ رۆژ ورەیان کەمتر دەبێتەوە و لەوە ناچێ ئەو شەڕەی ئەوان تا ئێستا زۆریان زەرەر لێکردووە، بەم زووانە کۆتایی بێت. سپای ئازادی سوریا زۆر بێ پشتیوانە. ناوەندی ئەو سپایە لە تورکیایە. کاتێ کە ژێنرالەکانی ئەو سپایە شوێنی سەرکردایەتییان بۆ ناو خاکی سوریا گواستەوە، رۆژێ دواتر پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوە بۆ تورکیا. بە پێی راپۆرتی مێدیای تورکیا لەوبەری سنوور کەس پێویستی بە یارمەتی ئەوان نەبوو.

بە پێی راپۆرتی ئەسۆشەیتێد پرێس لە تورکیا زۆربەی خەڵک دژی شەڕن و ئێوارەی پێنجشەممە چەند هەزار کەس دژی هێرشی سپایی و حکومەتی ئەردوغان خۆپیشاندانیان کرد.

خۆتێوەردانی سپایی تورکیا بە دڵێ یاخییەکانی سوریایە. هەر نەبێ لەبەروەی بە درێژایی سنور ناوچەی پارێزراویان بۆ دامەزرێنن (داوایەک کە زۆر لەمێژە پێی لەسەر دادەگرن) و ئەوانیش بە کەیفی خۆیان هات و چۆ بکەن.

**رەفتاری تورکیا مەترسی شەڕ فرەتر دەکا**

تورکیا مۆدێلی عێراقی لەبەر چاوە، ئەو شوێنەی ئەمریکا، بریتانیای مەزن و فەرانسە بۆ پاراستنی کوردان لە هێرشەکانی سەدام حوسەین ناوچەی پارێزراویان دامەزراند. بۆ ئەو مەبەستە تورکیا دەبێ نەک سوریا بداتە بەر تۆپ، بەڵکوو دەبێ فڕۆکەی شەڕ و هێزی زەوینیش بەکاربێنێ، بەڵام بڕیاری پاڕلمانی تورکیا باسی ئەمانەی تێدا نییە. ئەگەر پێوەر عێراق بێ، دەبێ شۆڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار بدات تاکوو هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان یارمەتی تورکیا بدەن. بەڵام لە بڕیار و ئێختیاراتی پاڕلمانی تورکیا بە حکومەتی داوە باس لەمانە نەکراوە.

کاتێ لە مانگی ژوئینی ئەمساڵ فڕۆکەیەکی شەڕکەری تورکیا لە لێواری دەریایی سوریا کەوتە خوارەوە زۆر پرسیار هاتنە پێش. ئەو کات کەس نەیدەزانی ئەو فڕۆکەیە بۆچی چووبووە ئەوێ. تەنانەت ئەمڕۆش کەس نازانێ تورکیا خەریکی چییە. تورکیا نایەڵێ کەس کارتەکانی ببینێت. ئەوەش مەترسی شەڕ زۆرتر دەکات.